# لەکوێوە بۆکوێ دەستپێبکەین

ئەرسەلان مەحمود
Arsalan852@yahoo.com



چەندە ژێردەستەی داگیرکەران و دووژمنانمان بووین..ئەوەندەش گیرۆدەو خافڵگیرو خەوتووی سەرپاشخانە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆمان..تائێستا نەمانتوانیوە ببینەخاوەن پێگەو ئۆرگانی بەربڵاوی هەمەچەشنەی بوارەکانی فیربوون و فێرکاری بەهێزکردنی ژینگەیەکی تەندروستی گشتی ئەوتۆ کەبکاریێ ڕۆڵ لە پەروەردەکردن وپێگەیاندنی نەوە لەدوای نەوەکان بگێڕێ،ئەگەر بارودۆخ و دنیایی دوێنێ بەهۆی باری سیاسی نابەرابەر بەڕوومانـدا داخـراوو بـووبێ..ئـەوا ئـەمڕۆ ئەگـەر بڕیـارە و دەمانـەوێت ژینگەیـەکی تەندروسـت بەرهەمبهێنین دەتوانین سوود لە ووزەو تواناو ئەزموونی گەلانی پێشکەوتووی دنیا وەربگیرین و گروپ و دەستەی فێرکاری داهێنەرانەنەی بەهێزو تەندروست دابمەزرێنین و هەرنەبێت ناوەندەکانی خوێند بەوشێوازە ئاڕاستەبکەین..بەڵام گرفتەکە کۆمەڵگاو خودی ژینگەی کۆمەڵگایە،چونکە ئەگەر خاوەنی ژینگەیەکی تەندروستی بەهێز نەبوو، نەدەتوانێ خێزانێکی بەهێزو ساغڵەم و کراوەو ئامادەباش بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زانیاری نوێ بخاتەوە و نەتاك و نەوەیەکی داهێنەریش بەرهەمدەهێنێ..ژینگە کاریگەری یەکەم و بنەڕەتی لەپێشی ڕێووشوێن و کاریگەریەکانی ترەوە هەیە و بێگۆرانکاری لە ژینگەدا هەموو چەشنە هەنگاوێکی تر ناتوانرێ ئومێدێکی ئەوتۆیان لەتەکدا هەڵبچنی و بێچەندوچۆن درزی دارمانی کۆمەڵگا تەنانەت ئەوەی لەئاراشدایە بەرینتردەکات..بەمانایەکی تر، لەتاکەوە بگرە بۆ خێزان و لەوێیشەوە بۆ قوتابخانەو تادەگاتە ناو دڵی دەستەڵات،واتە کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لەرزۆك و ناجێگیر دەکات و نەتاك و نەخێزان بەرهەمهێن دەبن و نە قوتابخانەو دەستەڵاتیش داهێنەر..کەوابێ بڵێی لەکوێوە بۆکوێ دەستپێبکەین،ئێمە نەك پێویسیمان بەگۆڕینی یاساکانی باری کەسێتی وشارستانی و نمونە هاوێشێوەکانی تریان و بوێری لە ڕەگەوە هەڵتەکاندنی فەلسەفەی فێرکردن و فێربوونی پەروەردەی ئێستا هەیە،بگرە پێویستە دوابزمار لەتابووتی هەریەکێك لە جۆرەکانی ناتەندروستی بدەین و بۆ ئەم مەبەستە ژێی هاوبەش دروست بکەین و دابمەزرێنین و یەخەی دەستەڵات بەرنەدەین و ڕوو بەڕووی پاشخان و کلۆلییەکان ببینەوە،دیارە جگە لەخۆمان پێویستی ترمان نییە بۆ ئەمکارە، بەو مانایەی پێویستییەکانی مرۆڤ جڤە لەخۆی هیچی ترنین و بەو تجاوزکردنەش دەتوانین ببینەوە ئەو مرۆڤە ئافرێنەرەی کەشیاوی ئەوەیە کۆمەڵگایەکی تەندروست و ژینگەیەکی بەهێز بوونیاد بنێ..ئەگەرچی دەیان خانەوادەی ناوداروبلیمەت لە ژینگە ناتەندروستییەکانیشەوە بەکۆمەڵگاو ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆشمانەوە دەرکەوتوون بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیربچێ ئەوانە هەمیشە قوربانییانە بەنایەبترین کاتەکانی

**ژیان و تەمەن و خوێنی خۆشیانداوە، ئەوسا بوونەتە پێشەنگ و داهێنەرو بەهرەدار، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە هیچ کارو ئامانجێك بێقوربانیدان نابێ و ناپێکرێ..چاوەڕوانی جگە لەخۆی چیتری بەدوادا نایەت.**